# کەڵبەکانی مەرگ

**کوشتنی دوعا، کوشتنی ئازادیو رۆحو دینو نیشتیمانو خودایە**

**ئاسۆ جەبار**



کۆمەڵگەی کوشندە کۆمەڵگەیەکە کە چێژ لەمەرگو کوشتن دەبینێت، لەزەت لەکوشتنو بینینی مەرگ دەبینێت بە رووتیو زەلیل لەبەردەم کەڵبەکانیدا. دەسەڵاتی کوشندەش ئەو دەسەڵاتەیە کە ڕێ بۆ مەرگ خۆشدەکات.

کاتێك مەرگ دەبێت بە چێژو لەزەتێکی گەورەی مەرگدۆستی، کاتێك کوشتن دەبێت بە حەزو ئارەزوویەکی هەنوکەیی مرۆڤەکان، ئەوکاتە قسەکردن لەسەر ژیان بێمانایە، کاتێك لەتەواوی کۆمەڵگەیەکدا ئارەزووی کوشتن جێی هەموو ئارەزوەکانی دیکە دەگرێتەوە، ئەوکاتە ئیدی سەرلەبەری ئارەزوەکان مرۆڤ بۆ گۆڕانو داهێنان دەچنە خانەیەکی قێزەونی لەبیرچونەوەوە، کاتێك نیشتیمان دەبێتە نیشتیمانی مۆتەکەو تارماییە ئاشکراکان، کاتێك ئاپورەی جەماوەرێکی تووڕە لەبری ئەوەی هاواربکەن بۆ ژیان، بەدەنگێکی بەرز لەناخی دڵەوە هاواردەکەن بۆ مەرگو وەك گورگ دەلورێنن بۆ کوشتنو هەلاهەلاکردنی کیژێکی بێدەسەڵاتو رووت لەبەردەم مەرگدا، سەرمەستو تۆقیو لەبەردەم کوشتندا، زەلیل لەبەردەم کەڵبەکاندا، وەك نێچیرێکی بریندار لەنێوان کەڵبەو ددانە خوێناوییەکانی خەڵكو دینو ترسنۆکی حکومەتو مەلاو پیاوە ناماقوڵەکانی نیشتیماندا.

جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان ئەو سەربازەی کە لەبەرەکانی جەنگدا دەکوژرێو ئەو کیژەی کە مێگەلێك لەمرۆڤی نەخۆشو خوێنخۆر بە بەردو شیشو تەور لەئاپورەیەکی گەورەی شەیدایی مەرگدا دەیکوژن، کوشتنی کیژێکی عاشق بە قێزەوەنترین شێواز، کوشتنی کیژێکی سەرمەست بە ژیان لەلایەن ئاپورەی خەڵکێکەوە کە خوێنیان لێدەتکێ، کە لەخەیاڵی هەریەکێکیاندا تەورێکی خوێناوی هەیە بۆ کوشتنی ژیان. ئەم کوشتنە تەنها بریتی نیە لەکوشتنی کیژێك بەناوی دوعاوە، بەڵکە کوشتنی هەموو دوعاکانە، کوشتنی عیشق بەناشرینترین شێوە، کوشتنی ژیانە بە کەرەستەگەلێکی قێزەوەن، کوشتنی فەرمودەکانی خوداو بەزەییەکانی خودایە، دواجار کوشتنی خودایە بە تەورو بلۆکی خوێناوی، کوشتنی پێغەمبەراکانە بە بەرچاوی خەڵکەوە، کوشتنی مرۆڤدۆستیو ژیاندۆستیو عیشقدۆستییە، هاوکات کوشتنی هەموو ئەو کیژانەیە کە روانینو خەیاڵێکی جوانو جیاوازیان هەیە بۆ ژیانو ئازادی، دواجار ئەم ئاپورەیە تەنها تەوریان هەڵنەگرتووە بۆ کوشتنی کیژی دوعا، بەڵکە تەورو بەردیان بۆ کوشتنی ئازادیو ژیان هەڵگرتووە، ئەوان تەنها دوعایان خەڵتانی خوێن نەکردووە، بەڵکە ئازادییەکانی تاکەکەسیان سەربڕیوە.

تیرۆریستەکان تەنها بریتی نین لەکۆمەڵە ئینسانێکی تینو بەخوێن کە لەپەنهانەوە دینو دەمانکوژن، کە لەغەیبەوە دێنو کیژەکان سەردەبڕن، کە لەتاریکییەوە دێنو خۆیان دەتەقێننەوەو کتێبخانەکانو چاپخانەکانو بازاڕە قەرەباڵەغەکان بە مرۆڤەکانەوە دەسوتێنن، بەڵکە لەناخی هەموو ئینسانێکی جاهیلو کۆنخوازو دین کوێرو حیزب کوێرو نەتەوە کوێرو ئەخلاق کوێرو کولتور کوێردا تیرۆریستێك بە تەورێکەوە پاڵکەوتووە، کە هەموو شتێکی جوان، کە هەموو عیشقێك..کە هەموو سەرمەستییەکی مرۆڤانە خەبەری دەکاتەوەو تەورەکەی دەدات بە شانیداو بە هاورو ناڵەناڵی مەرگ بەدوای هەمومانەوەیە بۆئەوەی پارچەپارچەمان بکات، بە بلۆك سەری هەمومان پان بکاتەوەو بەردەبارانی ئەو مرۆڤانە بکات تا مەرگ کە تۆزێك باوەڕیان بە ژیانو داهێنانو ئازادی هەیە.

ئەوە تەنها یەزیدییەکان نین کیژێك بە بەرچاوی خوداو خەڵکەوە بەردەبارانو بلۆك بارانو تەور باران دەکەنو لەماوەی تەنها دە چرکەدا دەیکوژن، کوشتنی دوعا تەنها نمونەیەکی زیندووە، دەمێکە کوشتنو سەربڕینو

لەتوپەتکردنی مرۆڤ لەم ناوچەیەدا بووەتە دیاردەیەکی رۆژانە، کێ لەئێمە گروپەکەی شێخ زانای بیرچۆتەوە، کە کاریان سەربڕین و لەتوپەتکردنی مرۆڤ و لاقەکردن و هەتیوبازی بوو، کەس ئەو تەلەفیزیۆنە ئاسمانییەی بیردەچێتەوە کە بەخۆشی سەرکەوتنێکی ئیعلامییەوە ئەو سەربەرینانەی بۆ جەماوەر پێشکەشکردەوە، کەس ئەو هەموو کیژ و ئافرەتە سەرمەستانەی بیردەچێتەوە کە بە ناوی پارێزگاریکردن لەشەرەف دەکوژران و لەتوپەتدەکران و فڕێدەدرانە دەریا و روبارو دەریاچەکانەوە، کەس هەیە ئەو هەندێك لەو مەلایانەی بیربچێتەوە کە بەناوی قورئان و خوداوە عیشق و ئازادییەکانی تاکەکەسیان لەمزگەوتەکانەوە تیرۆر دەکرد، کەس ئەو بەرپرسە حیزبیانەی بیردەچێتەوە کە بەناوی تەزکییەی حیزبی و دامەزراندن و پارەی زۆرەوە تەعدایان لەکچان و ئافرەتانی ئەم وڵاتە دەکردو کەسایەتیان تیرۆر دەکردن، کەس هەیە ئەو هەزاران ئافرەتەی بیربچێتەوە کە لەکوردستاندا لەتاو کۆمەڵگەو دین و ئەخلاق و باوك و براکانیان تا مەرگ خۆیان دەسوتێنن، کەسێك بدۆزنەوە کە کۆشتنی ئەو هەموو ئافرەتەی لەبیرچوبێتەوە کە لەکۆڵانەکانی شاردا بکوژان لاشەکانیانی فڕێدەدان، کەسێك هەیە کوشتنی جوانترین کیژەکانی ئەم وڵاتەی بیرچوبێتەوە کە ناویان مهابادو جوانە بوو. لەم وڵاتە وێرانەدا بەناوی ئیسلام و قورئانەوە کچان و کوڕانی ئەم وڵاتە دەکوژرێن، بەناوی حیزبایەتییەوە مرۆڤ بە قێزەوەنترین شێوە کوژراون و دەکوژرێن، هەڵبەت ئەوە جەنگاوەرە حیزبییەکان بوون کە سەری دیلەکانیان بە بلۆك پان دەکردەوەو هاواریان دەکرد بۆ پەیت کردنی مەرگ.

ئێمە هەموومان بەرپرسیارین بەرامبەر کوشتنی کیژی دوعا، ... کوان ئەوانەی قورئان دەخوێنن و سەیری مەرگی ئەو کیژە دەکەن و هیچ ناڵێن، کوان ئەو مەلا دەنگ گەورانەی کە بڵندگۆی مزگەوتەکانیان پڕکردووە لەهاوارو ناڵەناڵی نوێژ و دوعا و بە خەمساردییەکی پڕ لەچێژەوە کە لە دینی ئەوان نییە دەڕواننە کوشتنی کیژێك بەناوی دوعاوە، کوان ئەو بەرپرسە زەبەلاحانەی کە باس لەمافی ژن و ئازادییەکان دەکەن و بەقات و بۆینباخی ملەوەنەوە خۆیان دەکەن بە فیستیڤاڵی ژنان و کچانی ئەم وڵاتەدا و بە فیزێکی بەتاڵەوە لەڕیزی پێشەوە دادەنیشن و گوێ لەو وتارە خاڵیانە دەگرن کە ئەندامە موچەخۆرەکانی خۆیان نوسیویانەو بە زەردەخەنەوە دەڕواننە ئەو هەڵپەڕکێ و وتارو بانگەشانە. کوا سەرۆك کۆمارێك کە دەڵێت من دەبم بە ئەندامی یەکێتی ژنان و بەرگریتان لێدەکەم و دەڵێت هەموو پارەکانم بۆ ئێوەو تەلارو کۆشکی گەورەتان بۆ دروست دەکەم و بودجەی خەیاڵیتان بۆ دەبڕمەوە، چونکە ئێوە تائێستا خزمەتێکی زۆرتان بە ئافرەتان کردووەو چەندین ئافرەتان لەمردن و کوشتن رزگار کردووە (کە وا نییە)، کوا سەرۆکی هەرێم کە قسەدەکات خۆی لەهەمومان بە کوردستانی ترو مرۆڤدۆسترو ژیاندۆستر دەزانێت، بەڵام هیچ کام لەمانە نەیانتوانی و نەیانوێرا شتێك بکەن بۆئەوەی کیژی دوعا بە قیزەوەنترین شێوە بەبەرچاوی خواو مەلا و قەشەو شێخ و حکومەت و خەڵك و حیزب و رێکخراوەکانی ژنانەوە نەکوژرێت.

کوان ئەو سەرکردانەی کە هەڕشە لەوڵاتێکی زلهێزی وەك تورکیا دەکەن و بەڵام نەیانتوانی هەڕەشە لەو ئاپورەی مەرگە بکەن کە دوعایان کوشت، ئەم کوشتنە تەنها بریتی نییە لەکوشتنی کیژێکی سەرمەست بە ژیان، بەڵکە بەڵگەیە بۆ کوشتنی کۆمەڵگەو ژیان، کوشتنی سەروەری یاسایە، تەنها پانکردنەوەی سەری دوعا نییە، بەڵکە تەقاندنەوەی سەری حکومەتە بە بلۆك، بەردەباران کردنی ژیان و عیشق و جوانییەکانە.

لەکاتێکدا سەرۆکی حکومەت لەبەر سپلێتدا دانیشتوەو دوعا بە بلۆك و بەردی خوێناوی دەکوژرێت، کوا ئەو سەرۆك کۆمارەی کە لەگەڵ عەشایرو پیاو ماقوڵ و رێکخراوەکانی ژناندا کۆدەبێتەوەو باس لەسەروەری یاسا دەکات و کیژێك بەناوی دوعاوە لەشارێکی ئەودا بەناشرینترین و قێزەوەنترین شێوە بەبەرچاوی خوداو شەیتانەوە دەکوژرێت و سەرۆك کۆمار ئاگای لێ نییەو کۆبوونەوەی هەیە، کوا ئەو پەرلەمانە تەمەڵ و خەوتووەی کە بە سەدو یازدە پەرلەمانتاری خاوەن سەیارەو میوانخانەی کەشخەوە نەیانتوانی ببنە رێگرێك لەبەردەم بکوژانی دوعا، کوا ئەو حکومەتەی کە مۆبایل بەسەر وەزیرو گوزیرو پەرلەمان و مەڕلەماندا دابەشدەکات و مەدالیای پاڵەوانێتی بەسەر جەنگاوەرەکانیدا دابەشدەکات و بەڵام بەکاری خۆی نازانێت ببوایەتە رێگرێك

لەبەردەم کوشتنی دوعادا، کوا ئەو سەرۆکی هەرێمەی کە تەلەفیزیۆنەکانی خۆی پڕکردووە لە بانگەشە بۆ دەوڵەتی کوردی، بەڵام بەو هەموو جەبەروتە ئیعلامیو سەربازییەوە نەیتوانی ڕێ لەکوشتنی مرۆڤێك بگرێت، ئەو سەرکەردەیەی کە ناتوانێت ڕێ لەکوشتنی ئینسانێك بگرێت کە توانای هەیە، ناشتوانێت ڕێ لە دەبابەو زرێپۆشەکانی دوژمنەکانی بگرێت کە خوازیارن سەری نەتەوەکەی پان بکەنەوە.

**کوشتنی ئینسان و کولتوری مەرگ**

کولتوری مرۆڤ کوشتن سەرباری ئەوەی یەکێکە لەکولتورە دێرینەکان، بەڵام تاکە میراتێکی قێزەوەنە کە لەئاژەڵە گۆشتخۆرو دڕەندەکانەوە بۆ مرۆڤە شەڕانگێزو هێزە جاهیلەکان ماوەتەوە، ئەو مرۆڤەی یان ئەو هێزەی باوەڕی بەم کولتورە هەبێتو بەجیدی کاری بۆبکات دەبێتەوە بە ئاژەڵێکی دڕەندە.

ئەو هێزانەی لەدنیادا کار لەسەر ئەم کولتورە دەکەن هێزگەلێکی شەڕانگێزنو ڕوانینو دنیابینییەکی مەرگدۆستیان هەیە بۆ وێرانکردنی ژیانو کوشتنی خەونو ڕوانینەکانی ئەوانی دی. بەدرێژایی مێژوو لەپاڵ کولتوری لێکبوردنو یەکتری قبوڵکردنو پەیوەندیو هاوژینیو خۆشەویستیو تێگەیشتن لەیەکتری، هێزی ناشرینی مرۆڤکوژ ئامادەگی هەبووە، بەداخەوە تا ئەوڕۆکە ئەم کولتورە بەو هەموو قێزەوەنییەوە ئامادەگی هەیەو ڕۆژانە ڕووی قێزەوەنی خۆیمان پیشان دەداتو دەیەوێت ببێتەوە بە کولتوری زاڵ.

کۆمەڵگەی نەریتی کۆمەڵگەیەکی داخراوە، هاوکات تێکەڵەیەکی ئاڵۆزە لەکۆمەڵگەیەکی تیرەگەریو تایەفەگەریو مەزهەبیو پەیوەندیگەلێکی سنورداری عەشایریو پەیوەندی خوێن.

هاوکات کۆمەڵگەی کوردیش بێبەش نییە لەم ستراکچەرە داخراوە، بەڵام بەکۆمەڵێك جیاوازییەوە، سیستمی عەشایری لەکوردستاندا لەشارەکاندا کاڵبۆتەوە، بەڵام لەدەرەوەی شارە گەورەکان سیستمێکی کۆمەڵایەتی دیارو بەدەسەڵاتە، بەڵام لەشارەکاندا لەبری سیستمێکی عەشایری سیستمی حیزبگەراییو خێزانسالاریو نەریتسالاریو ئەخلاقسالاریو ترادسیۆنی خێڵئاسا (واتە خێڵی مۆدێرن، بەڵام بەهەمان ترادسیۆنو پەیوەندیو عەقڵیەتەوە.) هاوکات کۆمەڵگەی کوردی لەڕووی کولتوریو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵگەیەکی ترادسیۆنیی داخراوە لەئاستی پەیوەندیو تێکەڵاوبوونو پەیوەندی بە کۆمەڵگەکانی دەرەوەی خۆی.

تائەوڕۆکە لەناوچە کوردنشینەکاندا وەك باقی ناوچەکانی دیکەی عێراق دیاردەی (غسل العار)و کوشتن لەسەر شەرەف دیاردەیەکی باوەو هاوکات لەسەرو یاساشەوەیە، هەروەها کوشتنی ژنو خۆکوشتنو خۆسوتاندنی ژنان دیاردەیەکی ناشرینی نێو ئەم کۆمەڵگەیەیە، توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت بەگشتیو کچان بەتایبەتی لەئاستێکی کۆمەڵایەتیو کولتوری دواکەوتوودایە کە بووەتە ترادسیۆنێکی لکەدار بە فەرهەنگی کۆمەڵگەو خێزانو نەتەوەو نیشتیمانەوە.

دواجار کوشتنی دوعا هەمومان ڕادەگرێ لەبەردەم مەرگی خۆییو ئەو وێنە فۆتۆییو ڤیدوییانەی کە بە میرات بۆ ئێمەی بەجێدەهێڵێت، دوعا خاوەنی هیچ شتێك نەبوو تا میراتی بۆ کۆمەڵگەیەکی دڕندە بە جێبهێڵێت، لەبەرئەوە نەیتوانی ڕێ لەو مۆبایل بەدەستانە بگرێت کە بەچێژێکی زۆرەوە بۆ کوشتنو پانکردنەوەی سەری ڕاوستابوونو تا ئەوپەڕی مردن بەبێ شەرمو بە شەهامەتێکی زۆرەوە وێنەی مرگو ڕووتبونەوەی دوعایان دەگرت.... ئای کە نیشتمانێکی وێرانە، دواجار ئێمە تەنها خاوەنی کۆمەڵگەیەکی کوشندەو دەسەڵاتێکی کوشندەو ئەخلاقیاتێکی کوشندەو کولتورو کۆمەڵێك دینی کوشندەین.